## قوبادی و فەرەح دیبا

داستانی بەهمەن قوبادی و دەیان و سەدانی تر، لە هەر چوار بەشی کوردستان، داستانێکی تراژیکە و پرۆسەی چێبوونی مامەڵاتی ناو داستان و کەسایەتی قارەمانەکانی، دیاردەیەکی ناو کۆمەڵگای کوردستانە و لە دێر زەمانەوە تا ئێستا نەبۆتە بابەتی باس ولێکۆلینەوە و لێوردبوونەوە. داستان و قارەمانی داستانەکان بەردەوام دووبارە دەبنەوە.  لەم ڕۆژانەدا گەلێک هونەرمەند و کەسایەتی سیاسی، زانستی، فەرهەنگی کورد هەمان شێوەی قوبادیان بۆ شەجەریان و پێشتر بۆ کەسانی تری سینەما، مۆسیقا، شانۆ، ئەدەبیات و سیاسیە ڕووڕەشەکانی وەک قاسم سولەیمانی بەکار هێنا. کەم نین ئەو شاعیرە کوردانەی ساڵانە لە مەحزەری عەلی خامنەیی شیعر دەخوێننەوە.

لە بەشەکانی تری کوردستانیش کۆمەڵێکی بەرچاو لە کەسانی بنەماڵەی هونەر و بیر وهزر و زانست لە هەمان بازنەدا دەخولێنەوە. ئەم دیاردەیە، دیاردەیەکی کوردی و دیاردەی ئەو نەتەوانەیە کە خۆیان خۆیان وێران دەکەن. ئەم وێرانییە لە باشووری کوردستانیش بەرچاوە، هەرچەند ئەوان خۆیان بە سەر خۆیاندا حکووم دەکەن و هەر خۆشیان خۆیان وێران دەکەن، کە وێنەی زۆر بۆ وێرانکارییەکانیان هەیە.

بیرمەندانی کورد دەبوو ئەم دیاردەیە لە  ناو هەموو چین و توێژەکان و سەرجەم نەتەوەکە، بخەنە بەر باس و لێکۆڵینەوە. بەهمەن قوبادی وەک ئەوانی پێش خۆی و ئەوانی ئێستا، بەرهەمی کۆمەڵگای وێرانی کوردن!  پرۆسەی کاری سینەمایی و کەسایەتی بەهمەن قوبادی، هەر ئێستا لە لایەن جیلی دوای ئەو دەپێودرێ کە گەرەکیانە ببن بە بەهمەنی قووبادی و قوبادییەکان.
نووسەری ئەم دێڕانە لە کتێبی "پازلی کوردبوونی کورد" ساڵی ٢٠٠٨ بەشێکی ئەم دیاردەیەی خستۆتە بەر چاو، لێرە بابەتێک لە سەر سینەمای قوبادی دووبارە بڵاو دەکرێتەوە کە ساڵی ٢٠٠٣ نووسراوە.

برایم فەڕشی- ٢٠٢٠/١٠/١٥

## سینەمای بەهمەن قوبادی و  هیواکان

لە ڕۆژی 29 مانگی مای(8ی جۆزەردان2003) هوە فیلمی «گووم بوویەك لە عێراق» لە سینەماکانی ئاڵمان لە وانە لە سینەما (رزیدێنت)ی شاری کۆڵن نیشان دەدرێ. بەهمەن قوبادی دارێژەر ،نووسەر، دەرهێنەر و عەکاسی فیلمەکەیە. ئەم فیلمە تا ئێستا چەند خەڵاتی ناونەتەوەی وەرگرتوە و لەم ڕۆژانەدا لە سینەماکانی وڵاتانی ئوروپایی و ئامریکایی دەبیندرێ. ڕۆژنامەکان و گۆوارەکانی ئاڵمانی لە دیدو و گۆشە نگای جۆربەجۆرەوە سەیری فیلمەکەیان کردوە و لە سەریان نووسیوە. لە ڕێگای ئەم فیلمەوە ناوی کورد و عێراق و سەدام و فیلمی کوردی کەوتۆتە بەر باس. ئەوەی هونەرمەند بەهمەن قوبادی چۆن کورد دەبێنێ لەم فیلمە و لە فیلمی «ساتێك بۆمەستی ئەسپەکان»دا، پرسیارێکە کە فیلمەکە بە وێنە وڵامی دەداتەوە. وێنەی بێ دەرەتانی، سەرگەردانی، ئاوارەیی، کارەسات، مەرگ، شەڕ، وێرانی. وڵاتێك کە ئاسمانەکەی پڕ لە گرمەی تەیارە و هەورە تریشقەیە و عەرزەکەشی پڕی سەرما، بەفرو باران وسەخڵەتی. ماڵ و گوندی کاولکراو ، بازاری سەر شاخەکان ، قاچاخ، ڕوت کردنەوە و چەتەگەری، کوشتن، بڕین، لێدان وکوتان، ئینسانی پڕ لە ئازار، فەرهەنگی پڕ لە گرێ وگۆڵ، گۆرانی وشایی وزەماوەند و هەڵپەرکێ و شین وشیوەنی ناو دۆڵ وچیای دور لە هەرچەشنە شارستانیەت، ماڵ و ژیانی نائاسایی و بەرئاوەژوو، گفت ولفتی پڕ لە درۆ و دەلەسەی ڕۆژانەی ئینسانەکان، وێنەکانی فیلمەکەن!
فیلمێك کە لە نێوان دۆکۆمنێت و راستی و فانتێزیدا هات و چۆ دەکات. لەو فیلمەدا ئێنسان لە گەڵ هونەرەکەی(سازەکەی) لە گۆڕ دەخرێ، نە لە لایەن دوژمنانی کوردەوە بەڵکو لە لایەن کورد خۆیەوە. ساز دەبێتە پاچ و پێمەڕە! ئەوین تەنیا سەوداێکی پیاوانەیە، کە لە وجودی ژن دا کۆ نابێتەوە بەڵکو لە ویستی پیاودا خڕ دەبێتەوە، ژن بۆ کارکردن لە کورەیەزخانەکان، ژن بۆ شوشتن وخاوێن کردنەوەی پیاو، ژن بۆدروست کردنی کوڕ(هەمان پیاو)، ژن بۆ کۆڕی هونەری هونەرمەندانی پیاو، ژن بۆئاگا لێ بوونی منداڵان. لەو جێگایەش کە ژن کار دەکا و خانم دەنوێنێ و بەرپرسایەتی کۆمەڵایەتی پێ ئەسپێردراوە و «ئوروپی !!؟؟»دەنوێنێ، دیسانەوە لە ژێر بەرپرسایەتی و فەرمانبەری پیاوێکی سمێڵ زلی ماموستادایە کە ئەگەر «چاویلکە زەرەبینی»یەکەی لە چاو دانەبێ بەر پێی خۆشی نابینێ.

بەهمەن قوبادی لەم فیلمەدا سێ هونەرمەند، تێکەڵ تەنزێکی ڕۆژانەی تیژ، هەتا شوێنی کارەساتەکان دەهێنێ و لەوێ هەر سێ کیان دەکاتە سێ ئینسانی بە غایەت «ئاسایی » وەك ئەوانی تر! یەك لەوان بە جارێك دەبێتە خاوەنی دوو کوڕ، کە هەرکیان دەنگ خۆشن و لە داهاتودا، پیاوە هونەرمەندە سمێڵ زلەکە دوبارە دەکەنەوە! ئەوی تر هەر لەناو کارەساتەکەدا، لە ناو مەرگ ومیر و گریان و شیوەندا، دەگا بە ژنە دەنگ خۆشەکەی کە لە کاتی مێزکردندا لە گەڵ سیبەرەکەی ئاشنا دەبێ و داوای لێ دەکا ببێت بە ژنی وهەر بۆئەو گۆرانی بڵێ!« بەرات» بە ئیسراری باوکی لە لای ئەم ژنە دەمێنێتەوە و لە راستی دا مزگێنی دوبارەبوونەوەی باوکی(میرزا) و(هەنارە) دەدا. چارەنووسی میرزاو هەنارەش هەر لە کۆتایی دا هەر لە یەك دابڕانە! دیاری هەنارەش بۆ میرزا هەر کچە و «ژن»ی داهاتو.

کۆمەڵگای «وون بوویەك لە عێراق» ئاوایە و پیاو و ژن تێیدا، وەك خۆیان دووبارە دەبنەوە! کوڕ دەچێتەوە سەر باوکی و کچیش دەچێتەوە سەر دایکی. «دانیشتن» کە دەبێ ڕەمزی بیرکردنەوە و ئیستراحەت کردن بێ، لە فیلمەکەدا نیە،تەنیا کاتی خواردن و خواردنەوە، دانیشتن هەیە، لێرەش زمان دەگەڕێ و خەریکی «شەڕەدەندوکە»ی پیاوانەیە ! «خەوتنیش» کە لە فیلمەکەدا دێ، بۆ هەڵبژاردنی «پیاو و هونەرمەند»ی ئایندەیە.
تەواوی فیلمەکە و ژیانی کارێکتێرەکانی لە ڕۆیشتندا، لە جم وجوڵدا تێپەڕ دەبێ، هەمو بە پێوەن و لە حەرەکەتدان، جا چ کاتی مامەڵە کردن و خۆشوشتن و مردووبردن بێ، چ مێزکردن! تەنانەت مۆتۆر سیکلێتی سەر تەراکتورەکەش لە فیلمەکەدا بە خێرایی خۆی لە ڕۆیشتن دایە. ڕۆیشتن بۆ کوێ؟ لە فیلمی ساتێك بۆمەستی ئەسپەکاندا بۆ «سنور» و لە وون بوویەك لە عێراقدا هەر بۆ «سنور»! هەر دوو فیلمەکە بە تێپەڕبوون لە سیمی دڕکدار(کە نیشانەیە بۆ سنور) تەواو دەبن. فیلمی یەکەم منالێکی(باوك مردوو)ە کە برا پەك کەوتەکەی لە سنور تێدەپەڕێنێ و فیلمی دووهەم پیرێکی هونەرمەندی ژن وون بوی(شەرەف وون بوو)ە کە کچی ژنەکەی لە سنور تێدەپەڕێنێ. سنوربڕینی یەکەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوەیە بۆ باشور و سنوربڕینی دووهەمیش گەڕانەوەیە لە باشور بۆ ڕۆژهەڵات! چ پەیامێکی هاوبەش لەم دوو بەزاندنی سنورەدا هەیە؟

زمانی فیلمەکانی ساتێك بۆمەستی ئەسپەکان و وون بوویەك لە عێراق زمانی رۆژانەی خەڵکە، بێ دەستکاری! لەوە ناچێ ئاکتۆرەکان دیالۆگی نووسراویان لە بەر کردبێ، هەر بۆیە نە زمانێکی ئەدەبێ لە گۆڕێ دایە و نە زمانێکی ئیستانداردی کوردی، هەر کەس بە زاراوەی شارو ناوچەکەی خۆی قسە دەکا. ژێرنووسی فیلمەکە زمانێکی ڕێك وپێکی بۆ فیلمەکە دروست کردووە و وەرگەڕاندنەکەشی بۆ سەر زمانی فارسی ولێرە ئاڵمانی، هەمان دەقی ئورگیناڵەکە نیە، بەم جۆرە تەماشاچی ناکورد هەمو لایەنەکانی زمانەکەو ماناکان و بیروبۆچوونی کەسەکان وەرناگرێ، بەڵکو «رووتوش»کراوەکەی وەردەگرێ. ئەوەش کە ئەگەر فیلمەکە دەقا ودەق دۆبلە کرابا و لە سینەماکانی تجاری بۆ ملیون بینەرانی بڵاوکرابایەوە، زمانی فیلمەکە بۆ بینەری ناکورد چۆن دەبو، پرسیارێکە کە ڕەنگە فیلم ساز بەهمەن قوبادی بۆ داهاتو بیری لێ بکاتەوە.

هەر بەوپێیە بینەر لە فیلمەکەدا ئاکتوری سینەما نابینێ بەڵکو ئینسانی ئاسایی دەبێنێ کە تەنانەت ناوەکانیشان و بگرە پیشەشیان جگە لە چەند کەسێك هەمان ناو و پیشەی خۆیانە. جیا لەوەی چەندە ئەم فیلمە دۆکۆمێنتارە و چەندە فیلمی سینەمایی و چەند خاوەنی فانتێزی هونەریە، نیشاندەری ئەوەیە کە دەرهێنەر و فیلمساز بەهەمەن قوبادی بە دڵخواە یا بە ئیجبار وەشوین سینەمای هەرزان کەوتوە.(لە ئێراندا سینەمای هەرزان بەو سینەمایە دەگوترێ کە کەسانی وەك مەخمەلباف و کیا روستەمی و کەسانی تر لە ئێراندا باویان کردوە،ئەوەش بەو مانایە کە نە سناریۆنووس و نە ئاکتوری پیشەکار بەشداری فیلمەکە نین). هەرزان نە لە لایەنی هونەرو تەکنیکی سینەما، بەڵکو لە لایەنی خەرج و مەخارجی فیلمەکە. ئەوەی کە ئایا پوڵی گیرفانی بەهمەن قوبادی بەشی ئەوە دەکات کە ئەو پیشەکارانی سینەما و شانۆ بێنێتە ناو فیلمەکانی پرسیارێکە کە وڵامەکەی ئاشکرایە. ئەوەی ئایا پیشەکارانی ئەم هونەرە لە باشورو و رۆژهەڵاتی کوردستان دەیانتوانی لە گەڵ فیلمساز یەك بگرن و پانتایەکی تازە بۆ سینەما وهونەر پێك بێنن، پرسیارێکە کە بەرەو رووی دارێژەرو و خاوەنی فیلمەکە و بۆچوونی ئەو لە سەر سینەما و هونەرو هونەرمەندی پیشەیی دەگرێتەوە.

بەهمەن قوبادی بۆ دروستکردنی فیلمەکانی ساتێك بۆ مەستی ئەسپەکان و وون بوویەك لە عێراق لە لایەنی "مادیی" شەهامەتێکی یەکجار گەورەی نوواندووە! ئەو دوو فیلمە لە باری مادیەوە قوبادی دەوڵەمەند ناکەن . لە وڵاتەکەی ئەودا بازارێك بە ناوی بازاری سینەما نیە، سەنعەتێك بە ناوی سینەما نیە، سەرمایەدار و تاجاری هونەریش لە هەمو کوردستاندا نیە، کوردستانەکەی ئەو وڵاتی بە خۆڕایی کڕینی هونەرە! فیلمەکانی ئەویش فیلمی ئیستانداردی بازاری سینەمای جیهانی نین کە بە میلیونان بینەر وپارەی بۆ بێنن.

بەهمەنی کوردی بێ وڵات، کە " بە وتەی خۆی" زێڕی بنەماڵەکەی دەفرۆشێ بۆ فیلمەکەی(هەر ئەو کارە کە کامکارەکان و دەیان نووسەری کوردی رۆژهەڵات کردویانە) بە 32 ساڵ تەمەن و سینەماکەی و ناوە جیهانیەکەیەوە، لە بەرزاییەك وەستاوە کە ژێرپێی بەتاڵە و لە هەمو لایەکەوە حەول دەدرێ ژێر پێی زۆرتر چوڵ کرێ، ئەگەریش کورد خۆی پشتی نەگرێ، ڕەنگە دوبارەبوونەوەی یەلماز گونەی بێ؟؟!!

ئەگەر بوێری وئاستی سینەمایی بەهەمەن قوبادی و شارەزایی سەدان کەسی تر لە بوارەکانی هونەر کە ئێستا بۆ سینەما و شانۆی ئێران کاردەکەن و یان ئەوانە کە بە نەداری لە کوردستان کاری هونەری دەکەن، یەکتر بگرن و سەرمایە برژێنرێتە ناو ئەم سەنعەت و تجارەت و هونەرەوە، هەم بەهمەن قوبادی سینەماکەی بازار پەیدا دەکا و هەمیش کورد و سینەماکەی لە تاکە کەسەوە بەرەو دام ودەزگای سینەمایی دەچێت. ئەوەش کە سینەمای کورد چ چەشنە سینەمایەکە و چ رواڵەت و تایبەتمەندێکی هەیە پرسیارێکی ئاواڵەیە.

هەرچەند کورد هێشتا کۆشك وتەلاری سیاسی نیە بەڵام دەکرێ لە پاڵ هەنگاوەکانی سیاسی، هەنگاوەکانی هونەری وفەرهەنگی کە زمانێکی جیهانی تری هەیە و بەهمەن لە دەرگاکەی داوە، هەڵگیرێ. پێك هاتنی دام ودەزگای هونەری - تجاری و دروست کردنی بازاری هونەر، نەتەنیا دژی هونەر نیە بەڵکو دژی ئاماتۆریسمە، کە سەرتاپای هونەری کوردی داگرتووە و هونەرمەندانی کوردی کردۆتە دیلی دەستی حیزب و دەزگاکانی دەوڵەتی!

پێك هێنانی ئیقتساد و تجارەتی هونەر هەنگاوێکە بەرەو سەربەخۆیی هونەرمەند و کاری هونەری و کەسایەتی پەیداکردنی هونەری کوردی. مانەوە و بەردەوامی سیستەمی فکری «هونەرو فەرهەنگ و داهێنانی» بەلاش (خۆرایی)، لە ناو کورددا، درێژە پێدانی مل کەچی هونەر وهونەرمەندی کوردە. بەهمەن قوبادی و سەدانی وەك ئەو بێ سەرمایە نە ئازادن و نە کاریان لە دروست بوونی چەند فیلم تێدەپەڕێ. پشت گرتنی بەهمەن و کەسانی وەك ئەو دەتوانێ بکەویتە خانەی نەتەوایەتی. بەرد و دار خستنە بەر ڕێی ئەو و کەسانی وەك ئەو، درێژە پێدانە بە ئەو ڕێگایە کە هونەر و روشنبیری لە ناو کورددا ئیفلیج کردوە. کورد وەك نەتەوەیەکی بێ وڵات وکیان، زیاتر لە هەمو میللەتانی تری دنیا کە خاوەنی چارەنووسی خۆیانن، پێویستی بە زمانی سیاسەت وهونەر و ئیستانداردی ئەمرۆیی لە هەمو بۆرێکدا هەیە، سینەمای قوبادی لایەنێکی دنیای نوێی هونەرو ئیستانداری جیهانی یە بە گوێرەی بیرو هەست وهۆش و زانست وهونەری قوبادی، کە پیروزبایی لێ کردن و هاوکاری کردنی گەرەکە.

برایم فەڕشی
2003/6/1 ئاڵمان

* بەهمەن قوبادی لەم ڕۆژانەدا نامەی بۆ فەرەح دیبا هاوسەری پێشووی شای ئێران بە بۆنەی ڕۆژی لە دایکبوونی نووسیوە و گەلێک پەسنی داوە. نامەکە لە کۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو کراوەتەوە.
** نووسەری ئەم بابەت پێشتر بابەتی تری وەک " تەنیا کیسەڵەکانی قوبادی دەفڕن! (باس و رەخنە) „ لە سەر کارەکانی بەهمەن قوبادی نووسیوە، کە لە مێدیاکان بڵاوکراونەتەوە.